سەرۆك وەزیران جەختیکردەوە لە گرنگی بەهێزکردنی هەوڵەکان بە ناساندنی کولتوری عێراق و قووڵایی عەرەبی-ئیسلامی

ئەمڕۆ پێنجشەممە، سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، جەختی لە گرنگی بەهێزکردنی هەوڵەکان بە ناساندنی کولتوری عێراق و قووڵایی عەرەبی-ئیسلامی کردەوە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لە ڕاگەیندراوەکدا باویکردەوە " محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران ئەمڕۆ پێنجشەممە پێشوازی کرد لە نوێنەری هەمیشەیی عێراق لە یەکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێرەوردە و زانست و ڕۆشنبیری / یونسکۆ ئیسعەد تورکی سواری".

سەرۆك وەزیران گوێی لە پێشکەشکردنی گشتگیری ئەو چالاکییانە گرت کە لەلایەن یەکخراوی نەودەوەتییەوە ئینجامدراون لە بوارەکەی خۆیدا لەگەڵ عێراق و ئەو بەرنامە ڕۆشنبیری و خوێندن و پێرەوردەیەی کە بە هاوبەشی لەگەڵیدا جێبەجێ دەکرێت"، هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە "بەشداریکردنی عێراق لە کۆبوونەوە ڕۆشنبیریەکان و یەکخراوە نەودەوەتییەکان ڕێنگدانەوەی وێنەی گەشەسەندنی عێراقە، کە لەگەڵ مەژوو و کولتوور شارستانییەتەکەیدا دەگونجێت".

هەر بەگوێرەی راگەیەندراوەکە سودانی ئاماژەی بە گرنگی بەهێزکردنی هەوڵەکان کرد بە ناساندنی کلتووری عێراقی و قووڵایی عەرەبی ئیسلامی و هەماهەنگی لە هەردوو پێژەی (زیندووکردنەوەی شارە دێرینەکانی موسڵ و بەسرە)، کە بریتییە لە پاراستنی کولتووری عێراقی ئەو دوو شارە و نەژێنکردنەوەی شوێنەوارەکانیان، هەروەها ناساندنی بەرهەمە داهێنراو دەوڵەمەندەکانی داهێنرانی عێراق و فراوانکردنی هاوبەشی نێوان عێراق و یونسکە لە پێژەکانی پاراستنی کولتووری بەرچاو و نادیار و پاراستن و پەرەپێدانی ئامرازەکانی پاراستنی شوێنەوارە دێرینەکانی عێراق و چاککردنەوەیان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەشنبیری و ئەکادیمییە نەودەوڵەتییە ئارەزومەندە جیاوازەکان".